# بەئەمری (د. رۆژ) نابێ ئوتومبیل بەرامبەر رۆژنامەی خەبات راگیرێت. ... مەریوان نەقشبەندی

## هەولێر

نزیکەی (10) ساڵە بەبێ دابران لە رۆژنامەی (خەبات) ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك نوسەر و رۆژنامەنووس کاردەکەم، چەند ساڵێکە ئوتومبیلەکەم بەرامبەر بارەگای سەرەکی رۆژنامە لە هەولێر لەسەر رێگای کەرکوك رادەگرم، بەڵام ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە2007/4/5 کاتێك ویستم لەهەمان جێگا ئوتومبیلەکەم راگرم پۆلیسێکی هاتوچۆ لەبەردەم ماڵی (د. رۆژ نوری شاوەیس) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ماڵەکەی لەبەرامبەر سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدینە و لەبارەگای رۆژنامەی خەبات نزیکە، رێگای وەستانی لێگرتم و پێی گوتم (دوێنێ د. رۆژ هاتوە و بینیویەتی بەردەمی رۆژنامەی خەبات قەرەباڵغە و ئەمری کردوە نابێ کەس بەرامبەر رۆژنامەی ناوبراو ئوتومبیل راگرێت) .
من لێرەدا نازانم شێوازی ئەمرەکەی د. رۆژ بۆ ئەم پۆلیسە و پاسەوانەکانی ماڵەکەی چۆن بووە، ، بەڵام بڕواش ناکەم ئەم پۆلیسە بەبێ ئەمری د. رۆژ یان کەسێکی نزیکی بتوانێت بە کارمەندێکی دێرینی رۆژنامەی خەبات (ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان) بڵێت نابێ بەرامبەر رۆژنامەکەی خۆت ئوتومبیل راگریت، چونکە ئەو شوێنە هیچ ئیشارەتێکی مروری تێدا نیە کە ئوتومبیل راگرتن قەدەغەبکات. د. رۆژ بەم بریارەی کۆمەڵێك یاسا و پرەنسیپی پێشێل کردوە کە جێگای ئەسەفە، د. رۆژ ئێستا هیچ سیفەتێکی رەسمی لەکوردستاندا نیە و ئەگەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیش بێت ئەوا حەقی ئەوەی نییە لەناو پایتەختی هەرێمی کوردستاندا فەرمان بە پۆلیسی هاتوچۆ یان پاسەوانەکانی بەردەرگای ماڵەکەی بدات کە (100مەتر) بەدەوری خانوەکەیدا ئوتومبیل نەوەستێت. پاشان ئەوەی من تێبینیم کردبێت دوای ئەوەی د. رۆژ پۆستی جێگری سەرەك وەزیرانی عیراقی لەحکومەتەکەی جەعفەری بەجێهێلاوە مەگەر بەرێکەوت لەکوردستان یان عیراق بینرابێت، حەق وابوو ئەو بەرێزە بیزانیایە کە ئەو رۆژنامەی کە ئەو ناهێڵێت کەس لەبەرامبەر بارەگاکەیدا بوەستێت ساڵانێکی دوورودرێژ بەشان و باڵی ئەودا هەڵیانداوە و ئەو رۆژەش ئەو هاتوەتەوە ماڵەکەی خۆی و بەردەرگای رۆژنامەی بە قەرەباڵغی بینیوە رۆژی 4/4 بوە کە رێکەوتی (48) ەمین ساڵیادی دامەزراندنی بوە و پێویست بوو برۆیشتایە پیرۆزبایی لێبکردنایە، نەك قەدەغەکردنی وەستانی ئوتومبیلی کارمەندەکانی کە خەریکە بۆ (3) مانگ دەچێت موچەیان وەرنەگرتوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.